# خودایه ، بمبەخشەرەوە بە لافاو

بەرزان هەستیار
نیسانی 2005

bhastiar@yahoo.de

پەنایەك نەما بۆ پرسیار
بۆیە خێرا دەستم دانێ ....
تا بە قەدەر پاشماوەی ئاهێکی کوژراوم ....
لە کەشتییە ماندووەکەدا پێ ببەخشن
هێندەی چاوی چۆلەکەیەك
ئاسوودەییم پێ ڕەوا ببینن ؛.
خودا خۆی خستبوویە دڵیان
ڕێ نەدەن ئاگری قورەتی لافاو
لە نیڵە نیڵی خۆیم هەڵکێشێ ؛
سوپاس خودای "نوح " و
خودای " ئینس و جینس "
نەتهێشت زەقنەبووتی مەرگێ بچێت بە گەرووما
کە نەمئەزانی کێن ئەوانەی لەگەڵما
چارۆکەی ئەو سەفەرەیان تێك ناوە و
چاوەڕێی ون بوونێ ئەکەن ....

مەگەر هەر خۆت  پێ بزانیت
ئەوسەری ئەگاتەوە کوێ !
سوپاس خودای بێ خودا ، بەڵام
ڕوو گرژ مەکە لە سەرچڵییم
پرسیارێکم هەیە هێندەی  دەنکە جۆیەك :
- تۆ چۆن دڵت هێنای خودایە
ئەو مەخلووقە سەیرانەی خۆت
بدەیتە دەست چارەنووسێکی وا دزێو ؟
چ حەوسەڵەیەکت هەبوو
توانیت لەو بانی سەرەوە...
بێ خەم ، سەیری داچڵەکانی مەلۆتکەکانی  زریکە و
هەڵوەرینی چرۆ ناسکەکانی گریان و
وشك بوونەوەی شەونمی پاڕانەوەکان بکەیت ؟!!!
ئەی خودایە ، تۆ "ارحم الراحمین "یت
لەم بەندە سەرکێشەت خۆش بە ، کە ئەڵێت :
گەورەیی تۆ لەوەدایە
بە سەرسەختییمان نیگەران نەبیت
ڕێمان بدەیت ....
هەموو ئەو کتێبانەت موتالا بکەین
کە بە دزیی ئێمەوە نووسیوتن ،
لێمان گەڕێیت
خۆرکەی ئەو هەموو پرسیارە
جەرگمان  دانەڕزێنێت ؛
من نەمدیوە پەڕەسێلکەیەکیش
حەز بە هەڵقرچانی جەرگی بکات
ئەی تۆ ئەم دڵەت لە کوێ هێناوە خودایە
بە دەستی خۆت ....
ئەو هەموو ڕۆحە وەنەوشەییەت
دایە دەست فەوت بوون !
خودایە تۆ وا ئەزانیت .....
کەشتییەکەت پڕبوو لە  "ئەولادی ساڵح " ؟
چەمەکان مۆسیقای ئارامی خووڕەیان تێ کەوتەوە ؟
باخچەکان سەرتاسەر لە خونچەدا  مۆر ئەچنەوە ؟
جەنگەڵەکان پاك بوونەتەوە لە ئاژەڵی دڕندە ؟

ئاسمان خاڵیی بوو لە باڵداری چاوچنۆك ؟
زەمین ، ئیمانداڕەکان ئاوەدانیان کردەوە ؟
نا خودایە ، نا ، " یا رب العالمین " ،
چاو کە ، تا بینایی هەتەر ئەکات
هەر کاسەسەری بەندە بێ گوناهەکانتە و
بەسەر نێزەی تاوانبارەکانەوە ئەشەکێنەوە ،
دەریایەك نابینیت ....
بە شینیی گۆرانییەکانی تەواو کات ،
هەر گوڵستانە و هەڵوەریین قۆرغی کردووە ،
کەروێشکێك نادۆزیتەوە ...
کەڵبەی تانجییەکان نە گەیشتبنە پاشەڵی ،
هەر باڵندەی لانەوازە و
بە چنگی تیژی داڵە بێ ڕەحمەکانەوە ....
لە قەدەرە زەردەکانی خۆیان ڕائەمێنن
میحرابەکان تێك و پێك چوون
لەژێر پێی "مولحید "ەکانا ،
ئێی خودایە ، تۆ ئاوڕێك بدەرەوە ،
لە هەر تاوانبارە و جووتێك
لە هەر ساختە باز و جووتێك
لە هەر خوێن خۆرێك و جووتێك
لە هەر جادووگەرە و جووتێك
لە هەر خائینێك و جووتێك
لە هەر عاشق کوژە و جووتێك ....
ڕژاونەتە کەشتییەکەوە ،
خودایە لەم بەندە ڕوو ڕەشەت خۆش بە
کە لە سواربوونی کەشتییەکەت پەشیمانە
چاوی دۆزەخم لێ سوور مەکەرەوە
من لێرە سەدان جار
خۆڵەمێشەکەشم "با " بردوویەتی ،
ئیدی کاتی وام نەماوە بۆ ترس ؛
ئەمە کەشتیی بوو خودایە ....
یان بەڵای ناگەهان !؟
ئەم بەندە لاسارەت ببەخشە قوربان ،
کە حەز لە خنکانی خۆی ئەکات .....

نەك سەر پشتی کەشتییەکەت ؛
خودایە بۆ خاتری میهرەبانییەکەت
تو خۆشەویستیی چل و چوار هەزار پێغەمبەر
ئەمر بفەرموو لافاوێکی تر تەشریف بێنێت
نە خۆم ئەدەمە دەست کەس و
نە ڕوو لە لرفە لرفی شەپۆلەکانی وەرئەگێڕم
خودایە کەرەم کە ،
تو گەورەیی خۆت فرێم دەرەوە ،
بۆگەنی نێو ئەم کەشتییە کوشتمی
توورم دە " یا رحمن و یا رحیم "
بمدەرەوە دەست پاکیزەیی ئاو ،
بمخەرەوە بەر سەرشێتییەکانی شەپۆل ،
تا دەستت ئەگات فرێم دە ،
بمبەخشەرەوە بە لافاو
" یا ارحم الراحمین " ...
ئەوە دوا لوتفی تۆیە بۆم !!